# وانەکانی زگزاگ

ه/عەباس عەبدوڵلا یووسف



زگزاگی یەکەمم
لە شقولکەی شەیتانەوە فێری ببووم
قەلغان ئەوها بێ، سەتان ساڵ شەڕت پێ
دەکرێ
ئی دووەم
لە منارەی سامەڕا
ئاسمان ئەوها بناسرێ بەفەڕترەو
میتافیزیکی زیاترە
سەرزەمینەکەش
با بەدخوون بەناو جەستەیدا بگەڕێ

ئی سێیەم
لە سامیە جەمال

جەستەی لەوجۆرە،رووح تێر دەکات
ئەی چوارەم
لە سپرنگێکی دژەنگ
بە زەقینەوە، رەقاتیی رەفتارت بۆ خۆش دەکات و
لە هێدمەی پەنهان و تاسەی رێگاوبان چەپاڵە دراوی
ئەی پێنجەم
لە بیلێ
ئەوها دەروەستی تۆپی خڕ و خزۆک دێیت
هەم مەمکە و هەمیش گۆی زەوییە

ئەی شەشەم
لە لاولاوە
ئەوها شاڵێک بەوردە گوڵ باڵای دڕدیواری چیمەنتۆ دەڕازێنێ
رووەک ئیکسیسوارە و مرۆڤ و شتان لێک دەخێوێنێ
و کرێتان جوانتر دەکات
ئەو زگزاگەی لە بادانی قۆڵی ئەپکتیتۆسەوە
فێری بووم سەری نەگرت
قۆڵم شکاو هۆر هۆر گریام
بەفریای خەستەخانەش نەکەوتم

* * *

* زگزاگ = لە zig zag )ەوەیە، هێڵی چەماوەی پێچاوپێچە، پێچپێچۆک.
* سامیە جەمال = سەماکارێکی بە ناوبانگی سینەمای میسرییە.
* شقولکەی شەیتان = چەقچەقۆکە، شەیتانۆکە
* دژەنگ = دژی زەنگ
* بیلێ = یان (بیلیە) تۆپیارێکی بەرازیلییە، لە ساڵی ١٩٤٠ لە دایکبووە و لە تەمەنی چوارده ساڵیدا وەک یاریزانێکی تۆپی پێ ناسرا، دواتر لەم یارییەدا ناوبانگێکی جیهانی بۆ خۆی دابین کرد.

* ئەپکتیتۆس = بە (ئیپکتیتۆس)یش دەخوێندرێ، فەیلەسووفێکی رەواقییە، لە دەوروبەری ساڵی ٥٠ پاش زایین لە هیراپۆلیس کە سەر بە ئاسیای بچووکە لەدایکبووە. ناوەکەی بەزمانی یۆنانی واتای (بەندە) دەدات، خۆشی بەندەی دەسەلاتدارێک بوو، رۆژێکیان خستیە بەر ئامێری ئەشکەنجەدان و هەر بە هەوەس قاچی بادا، ئەپکتیتۆس پێی دەوت: لاقم دەشکێنی!.
بەلام مەزنەکە گوێی پێنەدا و هەر بایدا و ئەنجام شکاندی، ئەپکتیتۆسیش لەسەرەخۆ پێی وت: ئەی نەموت دەشکێ!

